## وتەبێژی حکومەتی هەرێم: ڕۆژی یەکشەممە دەوامی فەرمییە و پشووەکەی عێراق هەرێم ناگرێتەوە



پێشەوا هەورامانی وتەبێژی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، ڕۆژی یەکشەممە 10ی (کانونی یەکەم/12) لە هەرێمی کوردستان دەوامی ئاساییە و پشووەکەی حکومەتی عێراق هەرێم ناگرێتەوە. پێشەوا هەورامانی لە ڕوونکردنەوەیەکدا بڵاویکردەوە، ڕۆژی یەکشەممە 10ــی (کانوونی یەکەم/12)ی 2023، لە سەرجەم دامودەزگاکان دەوامی فەرمییە و پشووەکەی حکومەتی عێراق، هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە.

پێشتر، ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویکردەوە، محەمەد شیاع سودانی بڕیاریدا ڕۆژی یەکشەممەی داهاتو بەبۆنەی ڕۆژی سەرکەوتنەوە لەسەرجەم فەرمانگە و دامودەزگاکان لە پارێزگاکانی بەغدا و ناوەڕاست و خواروی عێراق بکرێتە پشوی فەرمی.